# مافی پەنادراوەکان لە ئیسلامدا

نووسینی:
أ.د. ئیبراهیم سەلاح ئەلهودهود
ئەندامی کۆربەندی توێژینەوە ئیسلامیەکان- جێگری سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر

سەرپەرشتی و پێشکەشکردنی
أ.د. موحەممەد عەبدولفەزل ئەلقوسی
ئەندامی دەستەی گەورە زانایان و جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێرانی:
د.عیرفان رەشید شەریف
بەرپرسی بەشی دیراسات و توێژینەوە لە یەکێتی زانایان
ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان

پێداچوونەوەی:
د. عەبدوللا مەلا سەعید وەیسی
سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

# مافی پەنادراوەکان
# لە ئیسلامدا


نووسینی:

أ.د. ئیبراهیم صەلاح ئەلهودهود

ئەندامی کۆڕبەندی توێژینەوە ئیسلامییەکان- جێگری سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر

سەرپەرشتی و پێشکەشکردنی

أ.د. موحەممەد عەبدولفەزیل ئەلقوصی

ئەندامی دەستەی گەورە زانایان و جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی دەرچووانی ئەزهەر

وەرگێڕانی:

د. عیرفان ڕەشید شەریف

بەرپرسی بەشی دیراسات و توێژینەوە لە یەکێتی زانایان

ئەندامی ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان

پێداچوونەوەی:

د. عەبدوللا مەلا سەعید ویسی

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان



اربیل _ کوردستان

١٤٤١ھ ٢٧١٩ک ٢٠٢٠م

له بڵاوكراوەكانی

یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان

زنجیرە (٦٥)

الكتاب: حقوق المستأمنين في الإسلام

المؤلف: أ.د. إبراهيم صلاح الهدهد – رئيس جامعة الأزهر الأسبق

تقديم ومراجعة: أ.د. محمد عبدالفضيل القوصي – نائب رئيس المنظمة العالمية لخريجي الأزهر.

الترجمة الى الكوردية: د. عرفان رشيد شريف – مسؤول مكتب الدراسات والبحوث/ إتحاد علماء الدين الإسلامي

مراجعة: الدكتور عبدالله سعيد ويسي – رئيس إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان.

سنة الترجمة: ٢٠٢٠ م – ١٤٤١ هـ.

منشورات: المنظمة العالمية لخريجي الأزهر – الموقع الالكتروني: www.waag-azhar.org

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان – الموقع الالكتروني: www.zanayan.org

حقوق الطبع محفوظة

بسم الله الرحمن الرحيم

## لەم كتێبەدا:

تیشك دەخرێتە سەر مافی پەنادراوەكان لە ئیسلامدا، كە لە لایەن گروپە توندرۆیەكان مافی پەنارادراوەكان پێشێل دەكرێتو بێ رێزیان بەرامبەر ئەنجام دەدەرێت، نوسەر وێرای روون كردنەوەی زاراوەی پەنادراو، هەڵوەستە لەسەر كردارەكانی پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد (د.خ)و یاوەرانی دەكا، كە چۆن هەڵسوكەوتیان لەگەڵ پەنادراوەكاندا كردووە، ژمارەیەك مافی پەنادراوەكانیش روون دەكاتەوە كە گرنگترینیان بریتی یە لە: مافی پاراستنی مرۆڤایەتیو ئازادی بیروباوەڕو جێبەجێ كردنی دروشمەكانی ئاینیو دادپەروەریو مامەڵەكردنی جوانو پاراستنی خوێنو ماڵو شەرەفیان لە هەر جۆرە دەستدرێژیەكو هەروەها تیشك دەخاتە سەر هەموو ئەو لێكدانەوە هەڵانەی بۆ دەقەكان كراون لە هەمبەر پەنادراوەكان..

## بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی

## أ. د. محمد عبد الفضيل القوصي

لە هەر بابەتێکدا کە تێڕوانینی جیاواز هەڵبگرێ، مرۆڤ خۆی لە نێوان دوو لایەندا دەبینێتەوە، هەر یەکەیان دژ بە بەرامبەرەکەی وەستاوە، بە جۆرێ هەر یەکێکیان بەرامبەرەکەی دەسڕێتەوەو بە یەکجاری لە ناوی دەبات بەبێ بەرامبەری و تکاکاریێ، ئەمە چۆن ڕوو نادات لە کاتێکدا هەر یەکێکیان -بە چاوی کینەوە- جگە لە ڕەشی لەسەر ڕەشی و خراپی لەسەر خراپی، هیچی تر نابینێ لەبەرامبەرەکەیدا، دواجار گفتوگۆی نێوانیان سەرڕاستی و لێبوردەیی و نێوەندگیری لەدەست دەدات.

مێژووی بیری ئیسلامی -لە سەرجەم سەردەمەکانیدا- لە میانەی تێگەشتنی دەقەکانی قورئان و سوننەتدا بە لای کەژاوەیەک لە هەڵەشەیی تێگەشتن و دەستگرتن بە مەنهەجی تێگەشتنی ڕووکەشییانەدا بۆ دەقە پیرۆزەکان، تێپەڕیوە، بە بێ ئاوڕدانەوە بەلای قوڵایی دەقەکان و ئاماژە زانستی و شەرعی و ڕەوانبێژییەکانیاندا، ئەمەش بووە بە هۆی پشتگوێخستنی بەشی "جوانی" لە قورئانی پیرۆزدا -بە پێی دەربڕینەکەی پێشەوا زەرکەشی- ئەو بەشەی کە خۆی دەبینێتەوە لە مەجازو لێکدانەوەو پەی بردن بە قوڵایی پیت و وشەو ئاماژەکاندا، بەڵکو تێگەشتنە ڕوکەشییەکەی خۆیان کردووە بە پێوەرێک کە ڕاستی و درووستی باوەڕ و پەرستش و مامەڵەکانی پێ بپێورێ، بە جۆرێ کە دڵەکان پێی تەنگ دەبن و لێی دوور دەکەونەوە!

هەر لەم ڕوانگە ڕووکەشگەرایەوە چەند دەرگایەکی فراوانی خراپە لە فیکری ئیسلامیدا بەڵکو لە مێژووی ئیسلامیدا کرانەوە، ئەویش لە ڕێگەی چەن ڕێچکە و ڕێبازێکی فیکری پێچ و پلوچەوە:

* یەکەمیان: دەرگای "بە کافر کردن"ـە، کە دواتر وەرگێڕا بە خوێن و تەرم لە ژێر سایەی ئەو تێگەشتنە خراپەدا، دواتر بەخێرایی نووکی شمشێرەکانی ئیرهاب لە ژێر ئەو سێبەرە تاریکانەوە بەرز بوونەوە و تەڕ و وشکی پێکەوە سووتاند، ئایینی ئیسلامی تێکڕا بە ڕەنگی خوێن ڕەنگ کرد، کە لە ڕاستیدا ئایینی میهرەبانی و ئارامییە، وشەی ئیسلام کە پێشتر کلیلی دڵ و ڕۆحەکان بوو، بوو بە ئامرازێک بۆ داخستنی دڵەکان و ترساندن و تۆقاندن، وە لە ئەندێشەی زۆرینەی خەڵکدا پەیوەست بووە بە خوێن و تەرمەوە.

دووەمیان: بریتییە زاڵبوونی "ڕووکەشەکان" بەسەر قوڵاییەکاندا، وە باڵادەستی ڕووکارەکان بەسەر کرۆکداو زاڵبوونی توێکڵ بەسەر ناخە شاراوەکاندا، ئەمەش لە توندیی عەقڵ و وشکیی دڵەکان و زبریی هەڵسوکەوت و ڕەقی مامەڵەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، وە لە کۆتاییدا بووە بە هۆی نغرۆ بوون و وشک بوونی هەست و سۆزەکان.

سێیەمیان: ئەم "ڕووکەشگەرایی"یە، لە سەردەمی خۆماندا ڕاڕەوێکی ترسناکتر و کاریگەرتری گرتووە، ئەمەش لە کاتێکدا کۆمەڵێک ئاراستەی فیکری وا گومان دەبەن لەم سەردەمەدا کە پابەندبوون و چاک بوونی کۆمەڵگا بەند نیە بە چەسپاندنی پێوانەی حەق و ڕاستی لە سەرتاسەری گەردووندا، بەڵکو بەندە بە گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە.

بەم جۆرە ڕووکەشگەرایی لە تێگەشتنی دەقە پیرۆزەکاندا لە سیاسەتێکی شەرعییەوە بوو بە یارییەکی سیاسی، بە جۆرێ کە ئەو دەقانە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی پێوەی پەیوەست بوون لە مێژووی ئیسلامیدا، بە مەبەست بەکارهێنران و لە مەبەستە باڵاکانی خۆی لادران تا بوو بە ئامرازێک بۆ بەزاندنی لایەنێکی دیاریکراو، ئەم تێگەشتنە بەجۆرێکی سەیر ئایین بە پاکی و بێگەردی خۆیەوە، تێکەڵ دەکات لەگەڵ گەمەی سیاسەت و فێڵ و داوەکانی.

دەڵێم: ئایا ئەوانە ئاگاداری ئەو پەندە عەرەبییە پڕحیکمەتە نین کە دەڵێ: (دژ، دژ ڕادەکێشێ) ؟! نازانن کە زیادەڕەوی دەبێتە مایەی زیادەڕەوی زیاتر؟! نیشتیمان چیتر بەرگەی بڵێسە و پریشکی زیاتر ناگرێ.

دواتر دەڵێم: ئەگەر ئەو قسەیەی ابن حزم ی ئەندەلوسی ڕاست بێ کە لە (طَوق الحَمامة)دا دەفەرمووێ: "دژەکان هاوتای یەکترن"، واتە هەردووکیان لە پەڕگرتندا یەکسانن، ئەوا یەکێک لە ڕاستترین ڕاستییەکان ئەوەیە کە ئێمە لەوپەڕی پێویستیماندایین بۆ گوتارێکی ئایینی جوان، تێیدا بە کۆدەستی هەمووومان دەستبگرین بە ناوەندگیرییەکەوە کە جوانیی دژیەکەکان کۆ بکاتەوە و ناشرینییەکانی دوور بخاتەوە، بۆیە نابێ نەگۆڕەکانی ئایین بفەوتێنرێن لە پێناو گۆڕاوەکانی عەقڵدا، وە نابێ نەگۆڕە عەقڵییەکان بفەوتێنرێن لە پێناو ڕووکەشگەراییدا، بەڵکو پێویستە لە پێکەوەبەسترانی جوانییەکانیەوە سیاقێکی نێوەندگیری دروست ببێ کە کۆکەرەوەی هەردوو لایەن بێ، لەسەر بنەمای هاریکاری و تەواوکاری، هەر بۆیە ئەم نێوەندگیرییە تاکە دەستەبەرییە بۆ کوژاندنەوەی گڕی فیتنە و گێڕانەوەی ئوممەت بۆ ناوەندگیرییەکی دوور لە زیادەڕەوی و کوتڕەوی، هەر وەک ڕێگایەکی ڕاستە، کە کەشتییەکە دەگەیەنێ بە کەناری ئارامی، وە سیستەمی بەهاکان ڕێک دەخاتەوە و لارییەکانی ڕەفتار ڕاست دەکاتەوە، ئەمەش ڕاست و ڕێنموونی کراوە.

دواتر ئەڵێم: با بەس بێ، ئاگری فیتنە هەڵمەگیرسێنن و پریشک و بڵێسەکەی خۆش مەکەن...!

**محمد عبد الفضيل القوصي**

القاهرة: ١٤٤٠هـ

# پێشەکی نووسەر

به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان، کە سەرجەم گرۆهی مرۆڤی لە یەک مرۆڤەوە درووست کردووە، وەک دەفەرمووێ: (**يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا**) [النساء: ١] واتە:

ئەی خەڵکینە لە خەشم و نارەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە نەفسێک دروست کردووە، هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناو لەو دووانە پیاوان و ژنانی زۆری خستۆتەوە و بڵاوکردەوە، لەو خوایە بترسن کە لە یەکتر داوا دەکەن بەناوهێنانی ئەوەوە، هەوڵ بدەن پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزن، چونکە بەڕاستی خوا چاودێرە بەسەرتانەوە.

زۆر جار قورئان مرۆڤایەتی بە دەستەواژەی (الناس) دواندووە، لەوانە: (**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا**) [الحجرات: ١٣] واتە: ئەی خەڵکینە! بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەک دروستکردووە (کەباوکەئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بەچەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن.

هەر بۆیە جیاوازییە مرۆییەکان دەبنە مایەی هاریکاری، نەک یەکتر کوشتن، دەبنە مایەی پەیوەست بوون، نەک لێک دابڕان، خوای گەورەیش کەونەکەی جێگای جیاوازی تێدا دەبێتەوە، (**وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ**) [هود: ١١٨]، واتە:

خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك تاقم و کۆمەڵ، (بەڵام) بەردەوامیش ئەو خەڵکە جیاوازن لەنێوانی یەکتردا.

زەویش فراوانە بۆ لەخۆگرتنی سەرجەم ئەم هەمەڕەنگییانە، دەستوورە ئیسلامییەکانیش هێندە فراوانن کە پێکەوە ژیانی تێدا جێ ببێتەوە، بەبێ هیچ توندڕەوییەک لە بابەتی ماف و ئەرکەکاندا، هیچ توندڕەوییەک و ستەمێک و زۆرلێکردنێک لە ئاییندا نیە.

کاتێک پێغەمبەری خوا (د.خ) هاتە مەدینە ڕێژەی دانیشتووانی ١٠٠٠٠ کەس بوو، موسوڵمانان ١٥٠٠ کەس، جولەکە ٤٥٠٠ کەس، ئەوانی تریش ناموسوڵمان و ئەهلی کیتاب بوون، وە بەڵگەنامەی مەدینە بنەماکانی ژیانی هاوبەشی دانا بۆ شوێنکەوتووانی ئایینە جیاوازەکان، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە پەیڕەوی ئایینێکی ئاسمانی ناکەن و لە هەمان نیشتیمانن، پێغەمبەری خوا (د.خ) کەسی نەچەوساندەوە، تەنها یەهود نەبێت کاتێک خیانەتە گەورەکەیان ئەنجام دا و یارمەتی دوژمنان و چاوبرسییەکانیاندا بەسەر وڵاتی خۆیاندا.

لێرەوە دڵنیا دەبینەوە کە شەریعەتی پیرۆز مافەکانی دەستەبەر کردووە بۆ سەرجەم هاونیشتیمانییان و سەردانکەرانی بێباوەڕیش، مافگەلێک کە درووست نیە پێشێل بکرێن، هەر ئەمەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ جیهانیبوونی ئیسلامدا، بۆیە ئێمەش لەم چەند پەڕە پوختەدا مانای "پەنادراو -خاوەن پەیمان- " و مافەکانی ڕوون دەکەینەوە و ئەو تێڕوانینەش دەخەینە ڕوو کە پێچەوانەی یەکدەنگی زانایانە، لە خوای گەورە داواکارین یارمەتیدەرمان بێ!

# پێناسەی "أَمَان"

لە ڕیشەی زمانەوانیدا: دەوترێ: "استأمَنَ إليه" : واتە: خستوویەتییە پاراستنی خۆیەوە و پەنای داوە، پاراستوویەتی، "مأمَن" واتە: شوێنی پەنادان، پەنادان بەندە بە دوو چەمکەوە: پەنادەر، پەنادراو.

پەنادەر: ئەو کەسەیە کە پەنای کەسێکی تر دەدات، وە پێویستە سەرۆک، یان جێگری سەرۆک بێ، بەهەمان شێوە ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە بەرپرسن لە بەخشینی ڤیزا و ناسنامەی دەوڵەت.

پەنادراو: ئەو کەسەیە کە داوای پەنادانی کردووە بۆ ئەوەی بێتە خاکی موسوڵمانانەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

دەربڕینی پەنادان: پەنادان وتە و دەستەواژەیەکی دیاریکراوی نیە و پەیوەست نیە بە دەربڕینێکی تایبەتەوە، هەروەها لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێ، بۆیە ڤیزا و ڕەگەزنامە بە پەنادان دادەنرێ.

# زۆرکەس بە هەڵە

# لە زاراوەی "ئەهلی ذِمّة" تێگەشتوون

لەو زاراوانەی کە زۆرێک بە هەڵە لێی تێگەشتوون زاراوەی "ئەهلی ذِمَّة"یە، ئەم زاراوەیە شەرعناسانی کۆن بەکاریان دەهێنا بۆ ئەو ناموسوڵمانانەی کە لە خاکی ئیسلامدا دەژیان، ئەمەش ناونانێکی جوانە، کەواتە ئەهلی ذِمّة ئەهلی پەیمان و پەنادانن، لەبەر ئەوەی لە پەنای پێغەمبەری خوا (درودی خوای لە سەر بێت) و موسوڵماناندا دەبن، واتە: بە هەمیشەیی لەسەر پەیمان و لە پاراستنی ئەواندان.

لە صحیح ی ئیمامی مسلمدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لە سەر بێت) وەسییەتی کردووە بۆ هەر ئەمیرێک کە ناردبێتی بۆ جیهاد:

(وإذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فأرَادُوكَ أَنْ تَجْعَلَ لهمْ ذِمَّةَ اللهِ، وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ، فلا تَجْعَلْ لهمْ ذِمَّةَ اللهِ، وَلَا ذِمَّةَ نَبِيِّهِ، وَلَكِنِ اجْعَلْ لهمْ ذِمَّتَكَ وَذِمَّةَ أَصْحَابِكَ، فإنَّكُمْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَمَكُمْ وَذِمَمَ أَصْحَابِكُمْ أَهْوَنُ مِن أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَّةَ اللهِ وَذِمَّةَ رَسولِهِ)

واتە: ئەگەر خەڵکی ناو قەڵایەکت گەمارۆدا و ویستیان پەنای خوا و پێغەمبەریان (درودی خوای لە سەر بێت) پێ ببەخشی، تۆ پەنای خوای گەورە و پێغەمبەریان (درودی خوای لە سەر بێت) پێ نەبەخشی، بەڵکو پەنای خۆت و هاوەڵەکانتی پێ ببەخشە، چونکە

ئێوە ئەگەر پەیمانی خۆتان و هاوەڵەکانتان بشکێنن -لە کاتێکدا کە داخوازێکی پەیمان شکاندن هەبێ، وەک غەدر و خیانەتی کەسانی پەنادراو- زۆر ئاسانترە لەوەی پەیمانی خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لە سەر بێت) بشکێنن.

چوار پێشەوا پایەبەرزەکە و پێشەواکانی تریش هەر لەسەر ئەمە ڕۆشتوون بە درێژایی مێژوو، پەیمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەییان پاراستووە لەگەڵ ناموسوڵمانەکاندا، هەتا چەن دەستە و کۆمەڵێکی توندڕەو پەیدا بوون کە دژایەتیی پەنادراوانیان دەکرد.

# مافە گشتییەکانی

# ناموسڵمان لە خاکی ئیسلامدا

چەند مافێکی گشتی هەیە کە شەریعەت دانی پێدا ناوە بۆ ناموسوڵمانەکان لە خاکی ئیسلامدا، جا چ هاونیشتیمانی بن یان نا، ئەو مافانەش بەم جۆرەیە:

١- مافگەلێک سەبارەت بە پاراستنی مرۆڤایەتییان: قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا وەک ئاشکرایی خۆر لە ناوەڕاستی ڕۆژدا دەری خستووە، کاتێک دەفەرمووێت: (**وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا**) [الإسراء: ٧٠]، واتە: بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووەو بەسەر وشکانی و دەریادا (بە جۆرەها هۆکاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوون، لە ڕزق و ڕۆزی پوخت و چاکی جۆراو جۆر بەهرەوەرمان کردوون، بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدی هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون.

دەستەواژەکە گشتگیرە، سەرجەم مرۆڤەکان دەگرێتەوە، بێ گوێدانە بیروباوەڕ و ڕەچەڵەکیان، سا بۆ هیچ کەس درووست نیە سووکایەتی بە کەسێک بکات کە خوای گەورە ڕێزی لێ ناوە.

هەروەها بەشێک لە پاراستنی ڕێز و شکۆیان، ڕەچاوکردنی هەست و سۆزەکانیانە، گفتوگۆکردنە لەگەڵیان بە جوانترین شێوە (**وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ**) [العنكبوت: ٤٦]

گفتوگۆ مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانیەکاندا مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت، هەروەها سوکایەتی نەکردنە بە بیروباوەڕەکانیان، قورئانی پیرۆز بە ڕادەیەک جەختی لەسەر ئەم مافەیان کردووەتەوە کە حەرامی کردووە جوێن بە

خواوەندەکانیان بدرێ، وەک دەفەرمووێ: (**وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ**) [الأنعام: ١٠٨]

جوێن مەدەن بەو بتانەی کە ئەوان دەیپەرستن جگە لەخوا، نەوەکو ئەوانیش بەناحەق و بەنەفامی جوێن بدەن بەخوا.

موسوڵمانانیش هەمیشە ڕەچاوی ڕێز و شکۆی ناموسوڵمانەکانیان کردووە، ئەمەش بە ڕوونی دەردەکەوێت لەو ڕووداوەی کە لە نێوان پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب و محمدی کوڕی عەمری کوڕی عاص دا ڕووی دا، کاتێک قیبتییەک سکاڵای لە دەست محمدی کوڕی عەمری کوڕی عاص کرد کە شەلاقی لێداوە و پێی وتووە: بخۆ دەی! من کوڕی دوو بەڕێزەکەم! بۆیە عومەری کوڕی خەتاب فەرمانی بە عەمر کرد کە کوڕەکەی بهێنێتە لای، کاتێک هات ئیمامی عومەر فەرمووی: کوا میسرییەکە؟ جا گۆچانەکەی دایە دەستییەوە و فەرمووی: ئەوە گۆچانەکەیە، لە کوڕی دوو بەڕێزەکە بدە، ئەویش بە توندی لێی دا.

٢- مافی ئازادی بیروباوەڕ: ئیسلام هەرگیز زۆر لە کەس ناکات موسوڵمان ببێت، لە مێژووی ئیسلامیشدا هەرگیز ڕووی نەداوە کەسێک زۆری لێکرابێ بۆ ئەوەی بێتە ناو ئیسلامەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: (**وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ**) [یونس: ٩٩] واتە: خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە (دەیتوانی بەزۆرو بەناچاری) هەر هەموو دانیشتوانی سەر زەوی باوەڕ بهێنن، جا ئایا تۆ ئەتەوێ زۆر لەخەڵکی بکەی بۆ ئەوەی بڕوادار بن؟!

هەروەها فەرموویەتی: (**لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ**) [البقرة: ٢٥٦] واتە: هیچ جۆرە زۆر کردنێک لە ئاییندا نیە.

هەروەها دەفەرمووێت: (**وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ**) [الكهف: ٢٩] واتە: پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانەکراوە، جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافرو بێ باوەڕ بێت.

٣- مافی جێبەجێ کردنی درووشمە ئاینییەکان و کارکردن بە شەریعەتەکەیان: ئەمانەش بەشێکن لە باری کەسیی و ژیانی کۆمەڵایەتییانەوە، وە زانایانیش جەختیان کردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە حَدّ یان لەسەر جێبەجێ ناکرێ، مەەر لە بابەتێکدا کە لای خۆیشیان حەرام بێت، نەک بابەتێک کە خۆیان پێیان حەڵاڵ بێت، وەک: خواردنەوەی مەی و خواردنی گۆشتی بەراز.

٤- مافی دادپەروەری: ئیسلام لەسەر دادپەروەری وەستاوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ**) [المائدة: ٨] واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، زۆر بەچاکی شایەتی دادپەروەرانە بدەن لەبەر خوا، ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس لایەنێک هەڵتان نەنێت، کە لە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە، دەی کەواتە لەخوا ترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کارو کردەوەیەی کە دەیکەن.

لە فەرموودەیشدا هاتووە پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرمووێت: (أَلَا مَنْ ظَلَمَ مُعَاهِدًا، أَوِ انْتَقَصَهُ، أَوْ كَلَّفَهُ فَوْقَ طَاقَتِهِ، أَوْ أَخَذَ مِنْهُ شَيْئًا بِغَيْرِ طِيبِ نَفْسٍ، فَأَنَا حَجِيجُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) [رواهُ: أبو داود (٣٠٥٢)]، واتە: هەر کەس ستەم لە پەنادراوێک بکات، یان مافی بخوات، یان ئەرکێکی بخاتە سەر کە لەسەرو توانایەوە بێ، یان شتێکی لێ ببا بەبێ ڕەزامەندی خۆی، ئەوا من ڕووبەڕووی دەبمەوە لە قیامەتدا.

ئەو ڕووداوانەش کە پەیوەستن بە دادپەروەری موسوڵمانان لەگەڵ ناموسوڵمانەکاندا لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا، لە هەژمار نایەن، لە بەر زۆری و بەربڵاوییان.

٥- مافی پاراستنی خوێن و ماڵ و شەرەفیان: ئیسلام مافە بنچینەییەکان دەپارێزێ، وەک پاراستنی نەفس و ماڵ و شەرەف و عەقڵ، جیاوازی موسوڵمان و ناموسوڵمان نیە، جیاوازی هاونیشتیمانی و کەسانی تر نیە، بەڵگە شەرعییەکانیش زۆرن لە سەر ئەم بابەتە، بۆ نموونە ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرمووێ: (مَنْ قَتَلَ مُعَاهَدًا لَمْ يَرَحْ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَد مِنْ مَسِيرَةِ أَرْبَعِينَ عَامًا) [رواهُ: البخاريُّ (٣١٦٦)]، واتە: هەر کەس خاوەن پەیمانێک بکوژێت، بۆنی بەهەشت ناکات، هەرچەندە بۆنی بەهەشت چل ساڵە ڕێ دەڕوا.

بۆیە درووست نیە ئازاری ناموسوڵمان بدرێ بە ناحەق، وەک: هەتک کردنی شەرەفی، یان دەستدرێژی کردنە سەر خۆی و ماڵ و سامانی، لە فەرموودەدا هاتووە: (هەر کەس ئازاری خاوەن پەیمانێک بدات، ئازاری منی داوە، هەرکەسیش ئازاری من بدات، ئازاری خوای گەورەی داوە) [رواه الإمام السيوطي في الجامع الصغير (٨٢٧٠)]

هەر ئەوەندە بەسە کە پێغەمبەری خوا (د.خ) بەرامبەر کەسێک دەوەستێتەوە کە ستەمی لە خاوەن پەیمانێک کردبێ وەک لێوەی گێڕراوەتەوە: (هەرکەس ئازاری خاوەن پەیمانێک بدات، من دوژمنی ئەبم، هەرکەسیش من دوژمنی بم، لە ڕۆژی قیامەتدا دەیبەزێنم)

دەگێڕرێتەوە کە پیاوێکی موسوڵمان پیاوێکی خاوەن پەیمانی کوشت، ئەمەش گەیەنرا بە پێغەمبەری خوا (د.خ) ئەویش فەرمووی: (أَنَا أَحَقُّ مَنْ أَوْفَى بِذِمَّتِهِ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَقُتِلَ) [رواه الدَّارَقُطنِيُّ في السُّنَن (١٦٧)] واتە: من ڕاستترینی خاوەن پەیمان و بەڵێنەکانم، دواتر فەرمانی دا، پیاوەکە کوژرایەوە.

هەروەها چوار پێشەوا پایەبەرزەکە شوێنی پێغەمبەری خوا (د.خ) کەوتن لەو بابەتەدا، لە خیلافەتی پێشەوا عومەری کوڕی خەتتابدا پیاوێکی هۆزی "بَکر"، پیاوێکی خاوەن پەیمانی کوشت لە حیرة، پێشەوا عومەریش فەرمانی دا بە ڕادەست کردنی پیاوەکە بۆ کەس و کاری کوژراوەکە بۆ ئەوەی بیکوژنەوە، ڕادەستیان کرا و ئەوانیش کوشتیانەوە.

لە سەردەمی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالیبیشدا پیاوێکی موسوڵمان هێنرایە خزمەتی، کە پیاوێکی خاوەن پەیمانی کوشتبوو، بەڵگەی لەسەر ساغ کرایەوە و فەرمان درا بە کوشتنەوەی، دواتر برای خاوەن پەیمانەکە هات، وتی: من لێی خۆش بووم، پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش فەرمووی: ڕەنگە هەڕەشەیان لێکردبی و ترساندبێتیانت، وتی: نا، بەڵام کوشتنەوەی بکوژەکە براکەمم بۆ ناگێڕێتەوە، قەرەبووم بۆ بکەنەوە، من ڕازی بووم، ئەویش فەرمووی: تۆ زاناتری، پەیمانی هەر کەسیشمان لە ئەستۆدا بێ، ئەوا خوێنیی وەکو خوێنی خۆمان و خوێنباییی وەکو خوێنباییی خۆمانە [رواهُ البيهقي في السنن الكبرى ٨/٣٤]

٦- مافی پاراستنیان لە دەستدرێژی: پێویستە لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی ناموسوڵمانان بپارێزێ لە هەر هێرشێکی دەرەکی، بەڵکو پێویستە بەرگرییان لێ بکات لە هەر شتێک زیانیان پێ بگەیەنێت و شەڕیان بۆ بکات، ئەمەش بۆ ئەبو عوبەیدەی جەڕڕاح ڕووی داوە کاتێک فەتحی شامی کرد، جگە لەویش بۆ چەند خاوەن دەسەڵات و ئەمیرێک ڕووی داوە.

چەند جوانە ئەو قسەیەی پێشەوا قەرافی کە دەفەرموویێت: (پەیمانی ذِمّة ڕەچاو کردنی مافگەلێکمان لەسەر پێویست دەکا، چونکە ئەوانە لە سایەی ئێمەدان، لە چاودێری ئێمەدان، لە پاراستنی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (د.خ) و ئایینی ئیسلامدان، جا بۆیە هەر کەس دەستدرێژی بکاتە سەریان بە وشەیەک بێت یان غەیبەت کردنی کەسێکیان بێ یان هەر جۆرە ئازارێکیان بدات یان یارمەتی

کردنی ئەمانە بدات، ئەوا پەنادانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (د.خ) و ئایینی ئیسلامی نەپاراستووە.

پێشەوا عومەری کوڕی خەتتابیش (ڕەزای خوای لێ بێ) پرسیاری لە وەفدەکان دەکرد سەبارەت بە بار و دۆخی ئەهلی ذِمّة، ئەوانیش دەیان فەرموو: تەنها وەفاداریمان لێ بینیون لەسەر پەیمانەکەیان.

٧- مافی مامەڵەی جوان: بنەمای سەرەکی لە مامەڵەی ناموسوڵماندا قورئانی پیرۆز چەسپاندوویەتی، کە دەفەرمووێت: (**لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ**) [المُمتَحَنة: ٨]

واتە: خوای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات کە چاك ڕەفتاری و دادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە جەنگیان لە دژ نەکردون و دژایەتی ئاینیان نەکردون و لە شوێنەوارتان دەریان نەکردون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

پێشەوا قەرافی مەبەستی ئایەتەکە لە چاکەکاری ڕوون دەکاتەوە و دەفەرمووێت: بەزەیی بە لاوازەکانیاندا و پڕکردنەوەی پێویستی هەژارەکانیان و تێرکردنی برسییەکانیان و پۆشینی بێ بەرگەکانیان.

سوننەت و کتێبەکانی ژیاننامە پڕن لە جێبەجێ کردنی ئەم ئایەتە پیرۆزە، هەر لە پێغەمبەری خواوە (د.خ)، بە هاوەڵانەوە هەتا دەگاتە سەردەمی خۆیشمان.

## چەند بابەتێک کە زیادەڕەوی پێوەیە

## بەرامبەر بە پەنادراوەکان، هەڵگرانی بیروباوەڕی "وَلاء و بَرَاء" بڕوایان پێی هەیە

- پێویستە لێیان بەری بکەین: ئەو ئایەتانەش دەهێننەوە کە جەخت لەسەر ئەم بیروباوەڕەیان دەکاتەوە، جا ئەوەی کە ڵلە حەوت مافەکەدا هێنامان بەسە بۆ وەڵام دانەوەیان، هەروەها ئەم بابەتەمان بە پێی پێویست ڕوون کردووەتەوە لە پەرتووکی: (قضية الولاء والبراء .. مفهومها وتشأتها) ئەویش بەشێکە لە چاپکراوەکانی ئەم زنجیرە.

- درووست نیە بکرێن بە هاوڕێ و هاومەجلیس، وە درووست نیە خواردنی دەستیان بخورێ: وەڵامی ئەمەش لە قورئاندا ئەم ئایەتەیە: (**الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ**) [المائدة: ٥] واتە: لە ئەمڕۆوە هەرچی خۆراکی چاک و پاکە بۆتان حەڵاڵ کراوە و خواردنی ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانییان پێدراوە بۆتان حەڵاڵە، خواردەمەنی ئێوەش حەڵاڵە بۆ ئەوان، ئافرەتانی داوێن پاک لە ئیمانداران و ئافرەتانی داوێن پاک لەوانەی کتێبیان پێدراوە پێش ئێوە، حەڵاڵە.

قورئانی پیرۆز بە ڕاشکاوی هاوسەرگیری لەگەڵ خاوەن ئاینە ئاسمانییەکانی تردا حەڵاڵ کردووە، هاوسەرگیریش گرێبەستێکی توندە، بەڵام ئیتر ئەم توندڕەوییەیان لە زاراوەی "خۆ بەری کردن"ـەوە سەرچاوەی گرتووە.

- ڕێگرتن لە خۆ چواندن پێیان: شێخ ابن تيمية ڕوونی دەکاتەوە کە خۆ چواندن پێیان لە بابەتە دەرەکییەکاندا دەبێتە مایەی خۆ چواندن لە بابەتە ناوەکییەکاندا، ئەمەش هەر زیادەڕەوییە، ئێمە جل لە بەر دەکەین کە لە پیشەسازی ئەوانە،

کاتژمێر لە دەست دەکەین هەر لە پیشەسازی ئەوانە، مۆبایلەکانمان لە پیشەسازی ئەوانە، دەرمانەکانمان لە پیشەسازی ئەوانە، نێوەندگیری لەم بابەتەیا ئەوەیە کە خۆمان نەچوێنین پێیان لە هەر شتێکدا پەیوەندی بە ئایین و بیروباوەڕیانەوە هەبێ.

ئەوەی کە باسمان کرد لە بارەی پەنادراوەکانەوە ئەوە ڕاستە و یەک دەگرێتەوە لەگەڵ دەقەکانی قورئان و سوننەت و کار و کردەوەی هاوەڵان و شوێنکەوتووان، درووود و میهرەبانی خوای گەورە بڕژێ بەسەر پێغەمبەری نازدار محمد و بەسەر ئال و یار و یاوەران و شوێنکەوتووانی.

چاپی یەکەم
2020